# أنصر نبيك

# پێغەمبەرەکەت سەربخە

اللغة الكردية – زمانی کوردی

شيخ هيثم سرحان – شەيخ هەيسەم سەرحان

مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوە ڕێگەپێدراوە بۆ هەموو موسڵمانێک

http://sarhaan.com http://MAHADSUNNAH.COM

نەفامی و ستەم ، دووبەرەکی و لەیەک دابڕان ، هاوبەشدانان و گومڕایی ، ئەمە ڕاست و دروستی دۆخەکە بوو ، وە بە فەرمانی خوای گەورە خۆری سپێدەی ڕۆژێکی نوێ هەڵهات (محمد پێغەمبەری خوایە) خوای گەورە وەصفی کردووە و فەرموویەتی : ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ۝٤ ﴾ القلم: ٤) واتە : وە تۆ لەسەر ڕەوشت و ئاکارو ئەدەب و ئەخلاقێکی یەکجار گەورەو بەرزی ))

وە هەموو صیفەت و ئاکارە جوانەکانی بۆ کۆکردەوە کە بە هیچ مرۆڤێک نەدراوە ، وە سەلمێنراوە کە خاوەنی تەواوترین عەقڵ بووە و بەخشندەترین نەفسی هەبووە و فراوانترین سنگی هەبووە و بەشەرمترین کەس بووە و بوێرترین کەس بووە .

هەروەها زاهیدترین کەس بووە و لە هەموو کەس خاکیتر بووە ، یارمەتی خێزانەکانی دەدا و جلوبەرگەکەی خۆی دەدورانەوە و خزمەتی خۆی دەکرد .

سەردانی موسڵمانان و جگە لە موسڵمانی دەکرد ، وە سەردانی نەخۆشەکانیانی دەکرد و بانگی دەکردن بۆ خەیرو چاکە ، کەسێکی ڕاستگۆ بووە و بیروباوەڕێکی دامەزراوی هەبووە ، دادپەروەرترین کەس بووە ، بە بەزەیی ترین کەس بوو بەرانبەر لاوازەکان ، دادگەر بوو لە گەڵ ئافرەت و منداڵاندا .

بەزەییەکەی ئاژەڵانیشی گرتبووەوە ، تەنانەت جگە لە موسڵمانانیش ستایشیان کردووە .

یۆهان گۆتەی ئەڵمانی دەڵێت : ئێمەی خەڵکی ئەورووپا بە هەموو بیروبۆچونەکانمانەوە هێشتا نەگەیشتوینەتە ئەوەی محمد پێی گەیشت .

جۆرج برناردشۆی ئینگلیزی دەڵێت : جیهان لەوپەڕی پێویستیدایە بە کەسێک کە هەمان بیرکردنەوەی محمدی هەبێت .

بەڵکو تۆلستۆی ئەدیبی جیهانی دەڵێت : بە دڵنیاییەوە شەریعەتەکەی محمد ڕۆژێک دێت هەموو جیهان دەگرێتەوە لەبەر گونجانی لە گەڵ ژیری و عەقڵدا .

بۆ سەرخستنی پێویستە قەدر و پایەی بزانین ، ڕەوشتە جوان و بەرزەکانی لە ناو خەڵکیدا بڵاوبکەینەوە .

وە چاوی لێ بکەین و فەرمانەکانی جێ بەجێ بکەین ، وە بەرگری لە شەریعەتەکەی بکەین و بەرپەرچی گومانەکان بدەینەوە .

جا ئەگەر پێغەمبەری خوا هیچ فەزڵێکی نەبێت تەنها ئەوە نەبێت کە ئەو نێوەند بووە لە گەیاندنی پەیامی خوای پەروەردگار بۆ خەڵکی و ناساندنیان پێی ئەوا فەزڵێک بوو کە هەموو جیهان ناتوانن سوپاسگوزاری ببن ، وە مرۆڤایەتی ناتوانێت پاداشتی بداتەوە ، ئەو ژیانی بەسەر برد لە گەیاندنی خەیر بۆ خەڵکی ، بەمەیش نەوەستایەوە ، بەڵکو داوای لە خواکەی کرد کە شەفاعەتی قبوڵ بکات و بیکاتە تکاکار بۆ ئوممەتەکەی ، خوای گەورە راستی فەرمووە کە دەفەرموێت : ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٧ ﴾ الأنبياء: ١٠٧) واتە : ئەی محمد صلى الله عليه وسلم تۆمان نەناردووە ئیللا وەکو ڕەحمەت نەبێ بۆ هەموو جیهان)